# له ته‌نیشتم دامه‌نیشه جائیز نیه‌(1)

که زه‌مه‌ن ناتوانێ ته‌عبیر له خۆی بکات و مردووه‌کانیش کۆڵناده‌ن بۆ گه‌یشتن به ژیانێکی تازه‌،
ده‌بێ له ته‌نیشت یه‌ک دانه‌نیشین


Ibrahim Melazade
bmalazada@gmail.com





له‌گه‌ڵ خوێندنه‌وه‌ی هه‌واڵی گیروگرفتی په‌رله‌مانتارێکی پیاو له‌گه‌ڵ په‌رله‌مانتارێکی ژن له دانیشتنی ڕۆژی 2006/3/21 سه‌رسام بووم. هه‌ستم به ئازاری ئه‌و ژنه په‌رله‌مانتاره کرد و چۆن ئه‌و له داخان له ژووری په‌رله‌مان ده‌رچوو، منیش له داخان له نوسینی بابه‌تێک وازم هێنا و له جیاتی ئه‌و ژنه په‌رله‌مانتاره ئه‌و پارچه شیعره‌ی خواره‌وه‌م هۆنیه‌وه‌، پێشکه‌شی ده‌که‌م به هه‌موو ئه‌وانه‌ی بڕوایان به خۆ هه‌یه‌.

## له ته‌نیشتم دانه‌نیشی، جائیز نیه‌!!

لێم سڵ مه‌که‌،
من له ده‌ره‌وه‌ی زه‌مه‌ن نیم
کچی ئێره‌م
خوشکم، دایکم، تێکۆشه‌رم، بۆیه لێره‌م

لێم سڵ مەکە
ئەو ساتە دەستنوێژەکان بە هێز دەبن
کە هەردوکمان بەیەکەوە
بە دوای هەویەی بە عەرەبکراومان دەگەڕێین
کە هەردوکمان
بە کڵاشەوە
نوێژی داواکاریەکانمان
لە ناو کۆشکی پەرلەمانی پێکەوەمان
دەخوێنین و
ئازاری عومەری خاوەر
لەگەڵ دەنگی نەبیسراوی دەیان هەزار ئەنفالکراومان
پێکەوە تەرجەمەی تورکی و فارسی و عەرەبی دەکەین

لێم سڵ مەکە
ئەگەر دەستنوێژەکەی تۆ
هی چەند ساتێک بەر لە هاتنە ژووری کۆشکی پەرلەمان بێ
هی من لەگەڵ خاپوورکردنی چوار هەزار مزگەوتیش، هەر خۆڕاگرە
ئەگەر دەستنوێژەکەی تۆ
هەڵگیراوی چەند گوڵمە ئاوێکی شار بێ
هی من لەبەردەم چوارچرا، بە خۆڵی لە خوێن نقوم بوو،
تا هەنوکەش تێموم دەکا، پێداگرە

❋ ❋ ❋


http://www.dengekan.com/doc/2006/1/smkoKarim23.pdf